ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەمووو بۆ کوردان

**دامەزراندنی ڕادیۆی ئینتەرنێتی.**

نووسەر: :@

دامەزراندنی ڕادیۆی ئینتەرنێتی.
هەبوونی ڕادیۆی ئینتەرنێت شتێکی زۆر چاکە بۆ وێبگە و میوانی وێبگە. وێبگە دەتوانی میوانانی زۆرتر بۆ خۆی ڕابکێشێ و میوانانیش دەتوانن کات و ساتێکی خۆش بەرنە سەر.
لەم بابەتەدا چۆنیەتی دامەزراندنی ڕادیۆیەکی ئینتەرنێتی وەك ئەوەی هەموو بۆ کوردان شی دەکەمەوە. کە دامەزراندنی شتێکی ئاسانە و بە شێوەیەکی جوان و بێ کێشەش کار دەکات.
باشتر وایە ئینتەرنێتی جۆری Adslـت هەبێت بۆ ئەوەی بتوانی ڕادیۆیەك دامەزرێنی، چوونکە ڕادیۆ لەسەر توانای Uploadـی هێڵی ئینتەرنێتەکەت کار دەکات.
لە پێشدا پێویست دەکات ئەم پرۆگرامانەت هەبێت.
Winamp وەشانی 2 بۆ سەرەوە.
SHOUTcast DSP Plug-In بۆ Winamp.
SHOUTcast Server
ئەو سێ پرۆگرامەی سەرەوە دابگرە، کرتە بکە سەر ناوەکانیان.
پاش دەمەزراندنی ئەو پرۆگرامە ناوبراوانە، برۆ نێو بوخچەی پرۆگرامی Shoutcastـی دامەزرێنراو، وایە بە شێوەیەکی ئاسایی لەم ڕێوشوێنە دەبێ C:Program FilesSHOUTcast، پەڕگەی sc_serv.ini لەگەڵ پرۆگرامی Wordpad دا بکەوە.
لە دێڕی 29 دا وشەی Changeme بگۆڕە بە وشەیەك کە تەنیا خۆت بیزانی، ئەو وشەیە وشەی کرد نەوەی ڕادیۆکەت دەبێت بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بتوانن گوێبیستی بن.



ئستا پێویست دەكات كە وشەی بەڕێوەبەر بگۆڕی، لەهەمان پەڕگەدا لە دێڕی 143 وشەی adminpass بگۆڕە بە وشەیەك كە تەنیا خۆت بیزانی، باشتر وایە هەمان وشەی پێشوو نەبێت كە بۆ كردنەوەی ڕادیۆكەت نووسیت.

دوای جێبەجێكردنی ئەو گۆرانكاریانە پەڕگەكە پاشەكەوت بكە و دواتر دایبخە.

ئێستا لە ڕێی پرۆگرامی Shoutcast Server ـەوە كۆمپیوتەرەكەت بكە بە ڕاژەكارێك بۆ ئەوەی ڕادیۆكە لەڕێگەیەوە پەخشی خۆی دەست پێ بكات.

بۆ ئەو مەبەستەش لە Start و پاشان All Programs دا، لەژێر بوخچەی SHOUTcast DNAS دا (SHOUTcast DNAS (GUI بكەوە، پاش كردنەوەی بێ كێشە دەبێ وەك شێوەی خوارەوە بێت.




لە بەشی دیاریكراو دا (2) هەندێك زانیاری دەردەكەوێت سەبارەت بە ڕادیۆ و ڕاژەكارەكەت.

---

پرۆگرامی Winamp بكەوە، لە Options دا Prefrences كرتە بكە، Ctrl+P. لە پەنجەرەی تایبەتمەندیەكاندا لە بەشی چەپەوە DSP/ Effect كرتە بكە.




Plugin ـی Nullsoft Shoutcast Source... کرتە بکە، پەنجەرەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە دەکرێتەوە.




کاری ئەو Plugin ـە، ڕێکخستن و کردنەوەی ڕادیۆکەیە.
لەبەشی بە کۆدکەر/ Codec دا 24kbps هەڵبژێرە، گەر دەتەوێ زۆرربەی کوردان گوێبیستی ڕادیۆکەت بن، بەتایبەت ئەوانەی کە لە ناوەوەی وڵات دا دەژین و ئینتەرنێتی خێرایان نیە.
.Output




بەشی Yellopages.
لێرە هەندێك زانیاری سەبارەت بە ڕادیۆکە دەنووسین، بۆ نموونە ناو، جۆر و وێبگەی ڕادیۆ.
دواتر کرتە لە Connection بکە.




<3 لێرە ژمارى IP خۆت بنووسە، گەر خۆى نەنووسرابوو. ئەگەر ژمارە IP ـى خۆت نازانى دەتوانى سەردانێكى ئێرە بكەيت و وەدەستى بێنى.
<4 ژمارەى پۆرتى بەكاربراو، بە شێوەيەكى ئاسايى Shoutcast پۆرتى 8000 بەكار دەبات، گەر زۆرى لێ نازانى پێويست ناكات دەستكارى بكەيت.
<5 وشەى تێپەڕبوونى دەستپێكردنى ڕاديۆكەت. واتە ئەو وشەيەى كە لەشوێنى Changeme دا نووسيت.
<6 لەوانەيە هەندێك جار پەيوەندى نێوان Winamp و ڕاژەكار بپچڕێت، دەتوانى خاڵى Automatic Reconnect چالاك بكەيت بۆ ئەوەى پرۆگرامەكە بە شێوەيەكى خۆكار دووبارە پەيوەندى دروست كاتەوە لەگەڵ ڕاژەكاردا.
پاش ئەو ڕێكخستنانە Connect كرتە بكە.
بەو شێوەيە دەبێ ئێستا ڕاديۆكەت كەوتبێتە كار و بەبێ كێشە پەخشى خۆى بكات.
بۆ دڵنيا بوون لەوەى كە ڕاديۆكە پەيوەندى بە ڕاژەكارەوە كردووە و كار دەكات، دەبێ نرخى Sent گۆراو بێت، واتە زۆر بكات.




بۆ ڕاگرتنی پەخش، Disconnect کرتە بکە.

---

چۆنیەتی کردنەوەی رادیۆکە و ناردنی بەستەرەکەی بۆ ئەوەی هاوڕێکانت بتوانن گوێبیستی بن!

http://000.000.000.000:8000/listen.pls واتە، ژمارەی ئایپی خۆت+ پۆرتی بەکاربراو+ پەڕگەی گۆرانیە لیست کراوەکان لە Winamp دا.

هەروها دەتوانی زانیاری دیکەت دەست کەوێت گەر سەردانی بەستەری ژمارە ئایپی خۆت بکەیت بەمەرجێك ژمارەی پۆرتەکەش بنووسی، بۆ نموونە:

http://000.000.000.000:8000




کۆتایی.

هیوادارم بەسوود بێت.

---

Oct 2005 31

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت